# گوگڵ و راوتەرێکی گرنگ



کۆمپانیای گوگل لەم دواییەدا راوتەرێکی بەناوی onHub بەرهەم هێناوە تواناکانی گەلێکن. راوتەر ئەو ئامێرەیە کە گشت ئامێرەکانی ماڵەوە ئەوانەی هێڵی ئینتەرنێتیان هەیە وەك، کۆمپیوتەر، مۆبایل، تەبلێت، تی ڤی...تاد.. وا لێدەکات کە لە هێڵەکە سوود وەربگرن.. بۆ باشتر سوود وەرگرتن لەو راوتەرە نوێیە، ئەپلکەیشنێکی بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ios بەرهەم هێناوە، بە ئامێری onHub رێژەی ئەوانەی کە لە ماڵەوە سوودیان لە ئینتەرنێت وەرگرتووە و کاتژمێری کارکردنیان لەسەر ئینتەرنێت تۆمار دەکرێت. دیزاینی راوتەرەکە و ئەو ١٣ ئالیارەی کە تێیدا بەکارهاتووە وای کردووە کە زۆرترین شەپۆڵەکانی ئینتەرنێت کۆبکرێنەوە.



# ماوس و کیبۆردی پلەی ستەیشن ٤

پلەی ستەیشن واتە ئامێری گەیمکردنی پێشکەوتوو هەتا ئێستا ڤێرژنی چواری بەرهەم هاتووە، لە ئامێری گەیمدا زیاتر دەسکی گەیم کە (جویستیك)ی پێدەگوترێت بەکار دێت، لە ئامێرە گەیمەکاندا کەمتر ماوس یان کیبۆرد بەکارهاتووە، مەگەر گەیمی کۆمپیوتەر نەبێت.. لەم دواییەدا کیبۆرد و ماوسێکی تایبەت بە گەمەکردن بۆ پلەی ستەیشن ٤ بەرهەمهاتووە. ماوس و کیبۆردەکە کە بە جۆری Tactical Assault Commander ناسراوە، دەکرێت لە پلەی ستەیشن ٣یشدا کەڵکی لێوەربگیردرێت. کیبۆردەکە تەنیا چەند دوگمەیەکی هەیە، جگە لە دوگمەکانی فلاش، واتە راست و چەپ و سەرێ و خوارێ، دوگمەی تەقە کردن، خێرایی زیاتر، پازدان... و چەند دوگمەیەکی دیکەی هەیە..



# تەبلێتێکی جێگای دڵنیایی بۆ منداڵان

لەو چەند ساڵەدا بەداخەوە ئامێرە دیجیتالییەکان وەك تەبلێت و ئامێرەکانی گەیم وای کردووە منداڵەکان لە جیهانی خۆیان داببرێن و یارییە کوردەوارییەکان بەتەواوی لە بیر بچنەوە، بۆیە شارەزایانی بواری پەروەردە کردنی منداڵ زەنگی هۆشیاریان لێداوە کە رەنگە قەڵەوی و خەمۆکی دوو نەخۆشی منداڵان بن کە بەهۆی ئەو ئامێرە دیجیتالیانەوە سەرهەڵدەدەن.. تەبلێت ئێستاکە گشتگیرترین ئامێری دیجیتالی منداڵانەیە.. کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی سەردەم هەوڵیانداوە ئامێری دیجیتالی منداڵان و گەورەکان لێك جیا بکەنەوە، یەکێك لەو نموونانە تەبلێتی ilife کە تەواو بۆ منداڵان گونجاوە و دایك و باوکان بەهۆی ئەو تەبلێتەوە دەتوانن دڵنیا بن کە ئەگەر منداڵان هێڵی ئینتەرنێتیشیان هەبێت ئەو سایت و پرۆگرامانە ناکاتەوە کە ترسیان لێی هەیە! تەبلێتەکە کچانە و کوڕانەی لێك جیا کردۆتەوە، رەنگی شین کوڕانە و رەنگی پەمەیش کچانە.. تەبلێتەکە ٧ ئینجە و کوالیتیەکەی HDیە. چونکە منداڵان بزۆزن و جووڵەیان زۆرە کۆمپانیاکە بیریان لەوە کردۆتەوە کە تەبلێتەکە وا دروست بکات لە ئاست کەوتنە خوارەوەش تێکنەچێت.. بەشێك لە تواناکانی تەبلێتەکە میمۆرییەکەی دەکرێت هەتا ٦٤ گێگابایت بێت، سیم کارت دەخوێنێتەوە، کامێرای پێشەوە و پشتەوەی هەیە لەگەڵ باترییەکی بەهێز.. دوگمەیەکی هەیە بۆ پێوەندییە گرنگییەکان و سیستەمی GPS هەیە ئەگەر منداڵەکە دووریش بکەوێتەوە دەزاندرێت لە کوێیە..



# ئینتەرنێتی خۆڕایی بۆ هەموو جیهان

ئەم مانشێتەی سەرەوە ئەگەر راستیش نەبێت لانی کەم هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی کە ئاواتەکە بێنێتە دی و ئینتەرنێت ببێتە خۆڕایی بۆ هەموو خەڵکی جیهان و لە هەر شوێنێکی جیهان دەستت بە ئینتەرنێت رابگا، بەڵام بەخۆشیەوە هەواڵەکە لە گشت سەرچاوەکانەوە پشت راستکراوەتەوە و راستە..

کۆمپانیای MDIFی ئەمەریکی چەند ساڵێکە لە هەوڵدایە کە پرۆژەی گەیاندنی ئینتەرنێت بەخۆڕایی بۆ هەموو جیهان لە بیرۆکەوە بیکاتە بواری کرداری و بڕیاریش وایە لە مانگی ١٠ی ئەمساڵ ئەم پرۆژەیە بە کردەوە بێتە دی..

پرۆژەکە ناوی outhernetە، لە رێگای مانگە دەستکردەکانەوە ئینتەرنێت بڵاودەبێتەوە و دەکرێت بە شتێکی وەك ریسیڤێر (سەحن)ی ماڵەوە وەریبگری.. ئینتەرنێت بە خێرایی ١٠ مێگابایت لە چرکەیەکدا.. پرۆژەکە لە لایەن ئەمەریکاوە لەوکاتەوە بیری لێکراوەیە کە هەندێك وڵات بۆ نەگەیاندنی راستییەکان بەربەستیان لە رێگای بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دادەنا و سانسۆریان دەختە سەر ئینتەرنێت..

# ئۆتۆمبێلەکەت بەو دوگمەیە بسپێرە!

زۆرتان لە فیلمە سیخوری و پۆلیسیەکاندا ئەو دیمەنەتان دیوە کە یەکێك ئامێرێك بە نهێنی لە جانتای کەسێك، یان بە ئۆتۆمبێلێکی تایبەت دەنووسێنێ و ئیدی بۆ هەر شوێنێك بڕوات دەزانن لە کوێیە.. واتە دوگمەیەکی gpsی.

ئێستا ئامێرێك بەرهەمهاتووە کە کەوتۆتە بازاڕ و هەموو کەس دەتوانێ سوودی لێوەربگرێت، ئەم ئامێرە کە بە Trackerpads ناسراوە و بە سوود وەرگرتن لە سیستەمی gps شوێنی جوگرافی بۆ ئەپلکەیشنێك کە لەسەر مۆبایلێکی زیرەك دادەنرێت بەڕێ دەکات.

ئەو دوگمە بچوکە بەراستی بۆ ئۆتۆمبێل سوودێکی زۆری هەیە و هەرکاتێك ئۆتۆمبێلێکت دزرا یان کەسێك بردی دەزانی لە شوێنێکی جوگرافییە. جگە لەوەش بۆ کاری سیخوڕیش سوودی لێدەبیندرێت. بەهۆی باترییەکی بچووك کە تێیدایە هەتا یەك هەفتە پێویستی بە وزە نابێت، بەڵام دوای ئەوە دەتوانرێت باترییەکی نوێی بۆ دابنێی.






# نیگارکێشان بە تیشکی خۆر

بۆ شێوەکاری زۆر قەڵەم و ئامێر و رەنگی تایبەت هەیە، بەڵام رەنگە نەتانزانیبێ دەکرێت بە تیشکی خۆریش کاری شێوەکاری بکەی.. (febo) ئامێرێکی بچووکە و بیرۆکەکەی لە وردبین وەرگیراوە، بەهۆی ئەو ئامێرە بچووکەوە دەکرێت لەسەر دار، پێستی گیانداران ئەوەی مەبەستتە بیکێشیەوە..

ئەو ئامێرە لە جامێکی وردبین، گۆیەکی دارین پێکهاتووە، چونکە بە تیشکی خۆر کار دەکات پێویستی بە هیچ حیبرێکی تایبەت نییە، لەسەرەتادا ئەوەی مەبەستتە لەسەر پارچە دارێك یان قایشێك بکێشەوە و دواتر بەو ئامێرە و بە سوود وەرگرتن لە تیشکی خۆر شوێنی وێنەکە دەسووتێ و وێنەکە دەردەچێت، تیشکی خۆر کاریگەری هەیە لە جوان دەرچوونی وێنەکە، بەڵام بە دڵنیاییەوە بەو تیشکی خۆری لەو هاوینەدا هەیە ئەگەر دارەکە یان پێستەکە و رەنگە بڵێم ئەگەر نیگارکێشەکەش نەسووتێ!! ئەوا وێنەیەکی جوان دەردەچێت.



## هەر چارە و وەڵامی

**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت، مۆبایلەکەم کە لەو مۆبایلە زیرەکانەیە، لە خۆڕا گەرم دادێت، وام بیردەکردەوە کە رەنگە لەبەر کەش و هەوا بێت، بەڵام لە شوێنی ساردیش هەر گەرم دادێت هۆکارەکەی چییە و رێگا چارە؟**

خوێنەری ئازیز هۆکارەکەی ئەوەیە کە چەندین پرۆگرام پێکەوە دەکرێنەوە و یان رامەکەی پڕ دەبێت و بەتاڵ ناکرێتەوە.. بۆ رێگا چارەی ئەمەش دەتوانرێت سوود لە پرۆگرامی cooler master بگرە، ئەم پرۆگرامە وەك پانکەیەك وایە بۆ مۆبایل، ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی گەرم بوونی مۆبایل لا دەبات و پرۆگرامەکان دادەخات و رام بەتاڵ دەکاتەوە و لەسەر شاشەی مۆبایلەکەش نیشان دەدات کە چەندە پلە گەرمە....

## پرۆگرامێک بۆ نەهێشتنی رێکلامە بێزارکەرەکانی ئینتەرنێت

نیازت هەیە سایتێك بکەیەوە، لەگەڵ کردنەوەی سایتەکە چەندین ریکلام جا بۆ کۆمپانیا یان سایت یان هەر شتێکی دیکەبن لەملاو ئەولای سایتەکە دەردەکەون، جاری وا هەیە لەبەر ریکلامەکان ناتوانرێت بەو جۆرەی پێویستە سوود لە سایتێکی وەربگری و تەنانەت دێنەناوەندی شاشەکە و دەبنە هۆی ئەوەی خێرایی ئینتەرنێت دابەزێت. بۆ لابردن و نەهێشتنی پرۆگرامە بێزارکەرەکان چەند پرۆگرامێك هەن کە دەکرێ سوودیان لێوەربگری، یەکێك لەو پرۆگرامانە adwCleanerە، بەهۆی پرۆگرامی ئاماژە بۆکراو دەکرێت بە یەك کلیك هەموو ریکلامێك یان فایلێکی ریکلامی بسڕیەوە، پرۆگرامەکە لەگەڵ گشت دینەمۆکانی کردنەوەی ئینتەرنێت وەك "گوگل کرۆم، فایر فۆکس، ئینتەرنێت ئیسکپلۆرێر..تاد" دەگونجێت.

## سپیکەرە وایەرلەیس

کۆمپانیای LG لەم دواییە دوو سپیکەرێکی کوالیتی دەنگ بەرز بە دیزاین و ستایلێکی جوان خستە بازاڕەوە، یەکێك لەوانە music flow p5 ە کە دەنگێکی بەهێزی هەیە و لە سیستەمی auto music play سوود وەردەگرێ، ئەم تایبەتمەندییە ئەوەیە کاتێك لە نزیك ئامێرێك دەبێت ئۆتۆماتیکی مۆسیقا بڵاو دەکاتەوە، باترییەکەی نزیکەی ١٥ کاتژمێر دەخایەنێ واتە زیاتر لە رۆژێك..

سپیکەری دووەم کە بە soundpop ٣٦٠ ناسراوە، وەك لیوانێکی قاوە دەچێت و چەندین رەنگی هەیە. دەنگ لە گۆشەی ٣٦٠ پلەوە بڵاو دەکاتەوە، واتە بە هەموو






## سایتێکی گرنگ بۆ قوتابیانی زانکۆ

ئەو خوێندکارانەی زانکۆ کە کۆتایی بە خوێندنی زانکۆ دێنن، دەبێ باسێك واتە (بحث)ێکی ئامادە بکەن کە موناقەشەی لەسەر بکرێ و نمرەی پێ بدرێ.. چەند سایتێك کە ڕێنوێنیێ خوێندکاران دەکەن و بابەتی گرنگ و سەرچاوەی دەوڵەمەندیان تێدایە، یەکێك لەو سایتە گرنگانە سایتی http://www.sciencedirect.com/ لەم سایتەدا بە هەزاران بابەت و وتاری گرنگی زانستی تێدایە لە هەموو بوارەکانی، پزیشکی، ئابووری، سیاسەت، مێژوو و جوگرافیا..تاد. هەر کەسێك بیەوێ باسەکەی دەوڵەمەند بکا دەتوانێ سەردانی ئەم سایتە بکات، ساڵانە لە سەرانسەری جیهاندا ئەوانەی خوازیاری فێربوونی زانست و بابەتی گرنگن سەر لەم سایتە دەدەن، خاڵێکی گرنگ لە سایتەکەدا ئەوەیە دەتوانی ئەکاونتێك بکەیەوە و ئەو بابەتانەی مەبەستتە بۆ ئیمێلەکەت بەڕێ دەکرێن...

## وێنەگرتن لە شوێنە زۆر تاریکەکان




جار هەیە لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا کە هیچ شتێك بە چاو نابیندرێ، حەز دەکەی وێنەیەك بگری، یان شەویش نییە، بەڵام لە ئەشکەوتێکی تاریکدا نیازت هەیە وێنە بگری، یان لە شەو و دارستانێکی چڕدا.... کەم کامێرای وێنەگرتن هەیە لە شوێنە تاریکەکان وێنەبگرێ، زۆر لە کامێراکان لەو شوێنانەی کە ڕووناکی کەمیشیان هەیە وێنەی جوان ناگرن..

کامێرای ME۲۰F-SH کە هی کۆمپانیای کانونە، لە شوێنە هەرە تاریکەکاندا وێنە و فیلم هەڵدەگرێتەوە. وێنەکانیش بە کوالیتی HDین.

زۆر سروشتییە کامێرایەك بەو تایبەتمەندییەوە دەبێ گرانبایی بێت، هەرواشە.. نرخی کۆمپانیای دەگاتە سێ هەزار دۆلار... بەڵێ بە زمانی بازاڕی سێ دەفتەر!! کامێراکە لەگەڵ ئەوەیدا کوالیتی وێنەگرتنی لەسەرێیە، بچووکترین دەنگیش تۆمار دەکات لە دەنگی پێی ڕێبوارێك هەتا دەگاتە خشپەی وەرینی گەڵایەك!!




## ـــەکانی ئێل جی

چوار دەوری خۆیدا وەك یەك دەنگ بڵاودەکاتەوە.. باترییەکەی هەتا ٢٠ کاتژمێر دانابەزێت. هەردوو بڵندگۆکە بە شێوەی وایەرلەیس لە ئامێرەکان پەیوەند دەدرێن، بۆ تەلەڤزیۆنە سمارتەکان زۆر گونجاون.